## بنەماڵەی عەبدولڕەحمان بەگی موکری

کتێبی گەلێک بەنرخی کاک ئیرەج ناهید سەبارەت بە وەچەی عەبدولڕەحمان بەگی موکری – کە فەیزوڵڵابەگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و باکووری سەقز بەشیک لەوانن، لە ڕاستیدا درێژەی کاری مامۆستایان حەسەنی سەلاح، محەممەدی ڕۆستەم زادە و مەحموودی ئیشراقییە و ڕووناکییەکی زیاتری خستۆتە سەر مێژووی بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر و هونەرمەند کە لەم ڕوانگەیەوە، لە ناوچەکەدا دیاردەیەکی دەگمەنن.

ئەوەی لە کتێبەکە دەردەکەوێت ڕاستییەکە، کە واهەیە زوربەی زۆری ئێمە نەیزانین: فەیزوڵلابەگییەکان بە بنەچەک دەگەڕێنەوە سەر هۆزی خاوەن دەسەڵاتی موکری. بە گوێرەی کاک ئیرەج، ئاغا عەبدولڕەحمان بەگی موکری لە سەروبەندی ساڵی 1250 ی کۆچی [1834-1835 ی زایینی] دا، لە سابڵاغ ژیاوە و خاوەنی سێ پارچە ئاوایی تیکانتەپە و باخچە و ساریقامیش بووە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان. فەیزوڵلا بەگ و سوڵتان بەگی کوڕانی عەبدولڕەحمان بەگ – بە تایبەت یەکەمیان، پەرەیان بە دەسەڵاتداری و خاوەن مڵکیی خۆیان داوە بوونەتە هێزێکی گەورەی ناوچەکە لە هەوشار تا سەرچۆمی جەختەتوو و هەندێک جار ئەوبەری چۆمەکەش.

فەیزوڵلا بەگییەکان لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ نەمر سەیفولقوزاتی قازی و بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد بوونەتە خزم و چوونەتە ڕیزی خەباتکارانی کۆماری کوردستانەوە (1946) و لای کەم حەوت ئەندامی بنەماڵەکەیان لە سەقز و یەکیان لە بۆکان (شەهید عەلی بەگی یەکشەوە) لە داری بێداد دراون (1947).

کتێبی کاک ئیرەج گەلێک بە پوختی نووسراوە، واتە بابەتەکان بە کورتی براونەتەوە، لە کاتێکدا زوربەی ئەو ڕووداوانەی وا لە لاپەڕەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە باس وخواسی بە وردەڕیشاڵ هەڵدەگرن و بۆ ئەوە دەبن چەند بەرگ کتێبیان لەسەر بنووسرێت. هیوادارم کاک ئیرەج خۆی و گەنج و لاوانی بنەماڵەی خاوەن فەرهەنگی فەیزوڵلابەگی بەم ئەرکە پێویستە هەستن و و ئێمە لە داهاتووی نەک دووردا، چاومان بە چەند بەرگ کتێبی تازەی ئەم بوارە گرنگە ڕوون ببێتەوە. کتێبەکە بە وێنەی کەسان و نەقشە و شەجەرەنامە و وێنەی بەردی قەبری زۆرێک لە ناودارانی بنەماڵەکە ڕازاوەتەوە کە بایەخی بەڵگەنامەیی زیاتری پێ دەدەن.

ئەوەی لە کتێبی کاک ئیرەج دا نادیار بێت ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە لە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگیدا و پەیوەندە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکان. هیوادارم نووسەر خۆی یا کەسانیتر لە داهاتوودا ئاوڕ لەو بوارە گرنگانە بدەنەوە و بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا بخەنە بەر باس ولێکۆڵینەوە.

نزیک بە هەموو لاپەڕەیەکی کتێبەکە لە پەیوەندی ناوچەی بۆکاندایە و پێویست ناکات بۆ ئەم کارە دەست نیشانی ژمارەی لاپەڕەکان بکەم.

ایرج ناهید، *"نظری به خانواده عبدالرحمن بیگ مکری"* ، ناشر: نویسنده (؟)، سال چاپ 1388[2009] (؟)، 167 +، فارسی

